ڕێکخراوی خەبات، ی شۆڕشگێڕی کورد ستانی ئێران
The Revolutionary Khabat Organization Of The Iranian Kurdistan

# ئەمەگی گوڵان

هاتە دەر مانگی یەکەمی بەهار
مێلاقە سوورە لە لێوی جۆبار
هەر وا کەمێک دوور وەنەوشێک بوو شین
وەنەوشێکی چۆن؟ ملکەچ و سەر شین
بە مێلاقەی گوت وەنەوشە جارێک
لەمێژە هەمە لە تۆ پرسیارێک
ئەتۆ کە پەلکت وا سوور و گەشە
دەروونت بۆچی خەڵووزی ڕەشە؟

**مێلاقە**

چت لەوە داوە دەست هەڵگرە لێم
ڕازی دەروونم بۆ بە تۆ بڵێم

**وەنەوشە**

سوێندت بۆ دەخۆم هەتا بمێنم
ئەو ڕازە لەکن کەس نەدرکێنم

**مێلاقە**

دەس هەڵناگری گوێ ڕاگرە بۆم
تاکو پێت بڵێم دەردی دڵی خۆم
ئەمن لە خاکی کوردی ڕواوم
بە ئاوی ساردی کانی دێراوم
بە شەوبای چیای بڵند و سەرکەش
ڕەنگی پەلکی من بووە سوور و گەش
چاکەی کوردانم لە چاوی دایە
لەناو گوڵاندا ئەوە ڕەوایە؟
کورد وا هەژار بن من هەژار نەبم
ئەوان داخدارن، من داخدار نەبم
دەروونم ڕەشە، جەرگم سووتاوە
وەتی کوردستان داگیر کراوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لـۆمەی من دەکـەی وەنەوشە کـەچی
بـۆخۆت سـەر شین و دژ و ملکـەچی

وەنەوشە

منیش بــە دەردی تــۆ گـرفتــارم
پـەروەردەی خـاکی کـوردی هـەژارم
کـە تۆ هەنـاوت بۆ کوردی بوە ڕەش
منیش بۆ کـوردی سەرم نـا لە هەش
بـە ملی کـەچم وەک کـوردی دەچـم
کـە کـورد ملکـەچن، منیش ملکـەچم

شیلاناوێ 1944

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com